# لادانی واتایی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩٠

## (هەڵێنجراو-مستل)

م.زانیار ساڵح عەلی
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
zanyar.salih@garmian.edu.krd

پ.د. عوسمان حەمەد خدر دەشتی
بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
Osman.hamad@koyauniversity.org

**پوختە:**
ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (لادانی واتایـی لـە شـیعری هاوچەرخـی کوردیـدا ١٩٧٠- ١٩٩٠) دا، هەوڵێکـە بـۆ دەستنیشـانکردنی بابەتێکی گرنگـی ڕەخنەیـی وەک لادانـە واتاییـەکان و سەرباسـێکی توێژینەوەیەکـی ئاسـتی دکتۆرایـە، لەمـەڕ شـێوازی شـیعری هاوچـەرخ، تیایـدا دەستنیشـانی هەنـدێ لـەو لایەنانـەی لادانی شـیعری لـە قۆناغـی دیاریکـراوی توێژینەوەکەمانـدا کـراوە، ئەگەرچـی بابـەتی لادان وەک بابەتێکی ڕەخنەیـی، مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ماوەیەکـی نزیـک، بـەڵام ڕەگـی ئـەم باسـە لـە ڕەخنـەی کـۆن و بەتایبـەت ئـەو باسـە ڕەخنەییانـەی لـە چوارچێـوەی زانسـتی ڕەوانبێژیـدا خراونەتـە ڕوو، بـەدی دەکرێـت، بۆیـە لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو هونـەرە ڕەوانبێژییانـەی لـە دەوری درووسـتکردنی وێنـەی شـیعریدا دەسـووڕێنەوە وەک: (لێکچوانـدن، خواسـتن)، فەرامـۆش نەکـراون و خراونەتـە بەربـاس، لەگـەڵ ئەوەشـدا لادانی واتایـی لـە چوارچێـوەی ئـەو یەکانـەی (جـان کۆهیـن) وەک بنەمایەکـی تیۆریـی، پێشـکەشی ڕەخنـەی ئـەدەبی کـردوون، وەک: (دیاریکـردن، دانەپـاڵ، گەیانـدن)، بەسـەر شـیعری قۆناغـە ئەدەبییەکـەدا بەنموونـەی شـیعرییەوە کاریـان لەسـەر کـراوە.

وشەی سەرەکییەکان: لادان، لێکچواندن و خواستن، دیاریکردن، دانەپاڵ، گەیاندن.

پێشەکی:

هــەر بابەتێکــی ڕەخنەیــی، دەتوانرێــت ســوودبەخش بێــت بــۆ دەستنیشــانکردنی تایبەتمەندییــەکانی شــیعری تاکــە شـاعیرێک، گـرووپ و دەسـتەیەکی ئـەدەبی، قۆناغێکـی ئـەدەبی، ئەدەبیــاتی نەتەوەیــەک، لــەم توێژینەوەیــەدا وەک لەنــاو نیشـانەکەیدا دیاریکـراوە، لادانـەکانی ئاسـتی واتـا لـە شـیعری هاوچەرخـدا و بەتایبـەت ماوەیەکـی دیاریکـراو خراوەتەبـەر تیشـکی لـێ توێژینـەوە و باسـەکە دەستنیشـانکردنی شـێوازی شـیعری قۆناغێکـە، کـە لادانی واتایـی تیـادا تایبەتمەندییەکـی هـەرە دیـارە، لـەم ڕێگەیەشـەوە دەتوانیـن چ شـێوازی شـیعری هاوچــەرخ یاخــود شــێوازی شــیعری تاکــە شــاعیرێک یــان قۆناغـەکانی ئەدەبەکەمـان دیـاری بکەیـن.

هۆی هەڵبژاردنی باسەکە:

شـیعری هاوچەرخـی کـوردی ئەگـەر چـی توێژینـەوەی زۆری لەسـەر ئاسـتی نامـەی ماسـتەر و دکتـۆرا دەربـارە کـراوە، بـەڵام زۆرتریـن توێژینـەوەکان لەسـەر هەوڵـی تاکـە شـاعیر و دەســتە و گرووپــە ئەدەبییەکانــن، بــەڵام لەســەر بابــەتی لادان توێژینـەوە کـەم کـراوە، بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە زیاتـر هەوڵێکـی شێوازناسـییانەی لادانـە لـە قۆناغەکـەدا و هـەر لـەو چوارچێوەیەشــەوە، کاری لادانــە واتاییەکــەی لەســەر بنیــات نــراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

دەستنیشــانکردنی تایبەتمەندیــی قۆناغــە ئەدەبییــەکان و جیاکردنەوەیـان لـە یەکـتری، پێویسـتی بـە بنەمـا و تیۆریـی زانســتی هەیــە، تــا تیایــدا بــە دەرئەنجامــی درووســتەوە بڕیـاری لەسـەر بدرێـت، کـە کام قۆنـاغ لـەوی دیکـە جیـاوازە، جیاوازییەکانیـش لـە چ ئاسـتێکدان، هـەر بۆیـە بەباشـمان زانی لەڕێگـەی ئـەم جـۆرە لادانی واتاییـەوە هەندێـک لەسـەرەداوی شـێوازی شـیعری هاوچـەرخ بخەینـەڕوو.

سنووری توێژینەوەکە:

ئــەم توێژینەوەیــە لــە چوارچێــوەی شــیعری شــاعیرانی هاوچەرخــی کوردیــدا و بەتایبــەت ئــەو شــاعیرانەی بەشــێوەزاری کرمانجیــی ناوەڕاســت بەرهەمەکانیــان بــڵاو کردووەتـەوە لەنێـوان سـاڵانی ١٩٧٠-١٩٩٠ دا کاری تێـدا کـراوە، بــۆ وەرگرتنــی نموونەکانیــش پشــتمان بــە کۆمەڵەشــیعری و دیوانەکانیــان بەســتووە، هــەر لەوێشــەوە پشتڕاســتی کاتی بڵاوکردنــەوەی دەقــەکان کراوەتــەوە، چونکــە ئــەو شــاعیرانە دوای ئـەم قۆناغـەش بەشـێکیان تـا ئێسـتەش لەژیانـدا مـاون و خــاوەن بەرهەمــن.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لــەم توێژینەوەیــەدا پشــتمان بــە میتــۆدی ڕەخنــەی شــێوازگەری بەســتووە، بەتایبــەت بازنــەی شــێوازگەریی فیلۆلـۆژی، نموونەکانیـش لـە خزمـەتی ئـەو میتـۆدەدا بەگشـتی خســتنەڕوو و شــیکاریان بــۆ کــراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکــە بــە ناونیشــانی (لادانی واتایــی لــە شــیعری هاوچەرخــی کوردیــدا ١٩٧٠- ١٩٩٠)دا، جگــە لــە پوختەکــەی بــە هــەر ســێ زمــانی (کــوردی، عــەرەبی، ئینگلیــزی) و پێشــەکی، لــە دوو بــەش پێــک هاتــووە، بەشــی یەکەمــی تەرخـان کـراوە بـۆ چەمـک و زاراوەی لادان، پاشـان باسـکردنی چەردەیــەک دەربــارەی لادان لــە ئاســتی واتاســازیدا وەک تیۆرییـەک لـە خزمـەتی بەشـی دووەمـدا، لـە بەشـی دووەمـی توێژینەوەکەشــدا میکانیزمــەکانی لادانی واتایــی خراوەتــە بەربــاس، کەخــۆی لــە (لێکچوانــدن، خواســتن، دیاریکــردن، دانەپـاڵ، گەیانـدن)دا دەبینێتــەوە و بــە نموونــەی شــیعری شــاعیرانی قۆناغەکــە بابەتەکــە دەوڵەمەنــد کــراوە، پاشــان لەکۆتاییەکەیــدا ئەنجامــی بەدەســتهاتووی توێژینەوەکــە و لیســتی ســەرچاوەکان خراونەتــە ڕوو.

١/ چەمک و زاراوەی لادان:

١/١ زاراوەی لادان:

لەبەرئــەوەی مــەودای لێکۆڵینــەوە لەگشــت بــوارەکانی ژیـان و زانسـتەکاندا بەگشـتی بـەرەو فرەوانبـوون ڕۆشـتوون، هـەر چەمـک و زاراوەیـەک کـە دێتـە نـاوەوە، بەپێـی ڕێـڕەوی توێژینـەوەکان و مەبەسـتی کارەکیـی کارکردنیـان بەدەگمـەن نەبێـت، زاراوەی هاوبـەش بـەدی، ناکرێـت، مەبەسـتمانە لێـرەدا بڵێیــن بەپێــی مەبەســتی توێــژەر بــۆ بــواری توێژینەوەکــەی زاراوەیــەک کەلەگــەڵ کارەکەیــدا بگونجێــت، هەڵدەبژێرێــت. لادان وەک زاراوەیەکـی زانسـتی لەهەندێـک زانسـتدا بەرچـاو دەکەوێـت وەک (ئـەدەب، دەروونناسـی، ئایـن، کۆمەڵناسـی... هتـد)، ئـەوەی بـەلای ئێمـەوە بەهـا و نرخـی هەیـە، زاراوەی

لادانــە لەبــواری ئەدەبیاتــدا، کــە تیایــدا پەیوەســتە بــە زمــانی دەقــەوە.

توێــژەران و ڕەخنەگــرانی ئــەدەبی لەنەتــەوە جیاجیاکانــدا چەنــدان ناویــان بــۆ زاراوەی لادان دانــاوە، کــە هەمــوو زاراوەکان بــۆ هەمــان مەبەســت بەکارهاتــووە بەنــاوی جیاجیــاوە(le ecart, le abus, la deviation, la distorsion, la subversion, le infraction, le scandable, le voil, la violation des normes, le incorrection , la transgression, le alteration, le group mu)(المســدی، ١٩٩٣، ١٠٠-١٠١)، هەریــەک لــەم زاراوانــە موڵکــی خاوەندارێتیــی و ڕەخنەگرێکــی پێوەیــە، لەئینگلیزیــدا زاراوەی (deviantion)ی بــۆ دانــراوە، هەروەهــا (deviance)یــشی پێدەوترێــت، هــەردوو زاراوەکــەش بەرانبــەر بــە لادانــە، هەنــدێ لەتوێــژەران هەوڵیــان داوە جیــاوازی لەنێــوان ئــەو دوو زاراوەیــە بکــەن، لەوانــە (لیــچ leech)(الــددة، ٢٠٠٩، ١٥). هەرچــی زاراوەکەشــە لەعەرەبیــدا نزیکــەی چــل زاراوە بــۆ هەمــان مەبەســت دانــراوە، فرەیــی زاراوەکــە بەبــڕوای (احمــد محمــد ویــس) بــۆ گرنگــی بابەتەکــە لەمەیــدانی توێژینــەوەدا دەگەڕێتــەوە و لەنێــو ئەوانەشــدا (الانحــراف، العــدول، الانزیــاح)ی ڕوونکردووەتــەوە، پێــی وایــە (الانزیــاح) پــڕ بەپێســتی چەمکەکەیەتی(ویــس، ٢٠٠٥، ٣٣-٣٤)، لەزمــانی فارسیشــدا (هنجارگریــزی) بەکاردێــت، هەرچــی زمــانی کوردییــە وەک زمــانی عــەرەبی کێشــەی فرەزاراوەیــی هەیــە و (صافیــە محەمــەد) یــازدە زاراوەی (گــۆڕان، تــرازان، تێکــدان، تێکشــکاندن، سەرکێشــیکردن، دوورکەوتنــەوە، زەقکردنــەوە، خــزان، تێپەڕانــدن، گەمــەی زمانــەوانی، لادان)ی بــۆ ئــەم دیاردەیــە بەپێــی توێژینــەوەی نووســەرەکانیان دەستنیشــان کــردووە و پێــی وایــە زاراوەی لادان لــە هەموویــان دروســتترە و لەگوتــاری ڕەخنــەی ئــەدەبی کوردیــدا ڕاســتەوخۆ واتــا و مەبەســتەکە دەگەیەنێــت (ئەحمــەد، ٢٠١٣، ٥٨-٦٦)، بەکارهێنــانی فرەیــی زاراوەکــەش لەکوردیــدا بــۆ دوو مەبەســتە، یەکەمیــان بەهــۆی وەرگێڕانەوەیــە کــە توێــژەران بەهــۆی وەرگرتنــی چەمکەکــە لەزمانــە جیاوازەکانــەوە هێناویانەتــە نێــو زمــانی کــوردی و وەرگێــڕانی وشــەییان بــۆ کــردووە، دووەمیــان بەهــۆی مەبەســتی توێژینەوەکانــەوە، کــە هەریــەک لــەو توێژەرانــە زاراوەیەکیــان هەڵبــژاردووە یــان داتاشــیوە کــە مەبەســتی توێژینەوەکــەی خــۆی پــێ ڕوونکردووەتــەوە، بــەلای ئێمــەوە زاراوەی لادان لــە هەمــوو زاراوەکانی تــر دروســتترە، چونکــە:

دەتوانرێــن جگــە لەبــواری ئــەدەب وەک چەمکێکــی فــرە ڕەهەنــد لەبــواری زانســتەکانی تــردا بەکاربهێنرێــت.

واتــای زاراوەکــە و گونجــانی لەگــەڵ کــردەی کارەکەیــدا لەمەیــدانی توێژینــەوەدا

ڕۆشــتنی زاراوەکــە لەتوێژینــەوەی ئەدەبیاتــدا و تێگەیشــتنمان بــۆی.

٢/١ چەمکی لادان:

لادان لــەڕووی چەمکــەوە مێژوویەکــی دێرینــی هەیــە و دەتوانیــن بیبەســتینەوە بەمێــژووی دەقــی ئەدەبییــەوە، چونکــە هــەر ئــەو مەبەســتەی دەقــی ئــەدەبی هێنایــە گــۆڕێ بــۆ خــۆی لادانــە لــەو مەبەســتەی کــە بەشــێوەیەکی نائەدەبی(ئاســایی) دەربڕینــەکان دەدەردەبــڕران، ئەگــەر چاوێــک بــە مێــژووی لێکۆڵینــەوەی دەقــی ئەدەبیــدا بگێڕیــن، دەبینیــن بەبــێ نــاو بــردنی دەســتەواژە یــان زاراوەی لادان، هــەر لەســەردەمی گریکــە کۆنەکانــەوە و بەتایبــەت (ئەرســتۆ) قســەوباسی ئــەم چەمکــە هەبــووە، ئەرســتۆ بــۆ ڕوونکردنــەوەی ئــەم چەمکــە دەڵێــت: ((گەورەتریــن خەســیەتی چاکــی زمــانی شــیعری ئەوەیــە کــەڕوون و ئاشــکرا بــێ، زمــانی شــیعری ئــەو کاتــە ڕوون و ئاشــکرا دەبــێ کــە لەوشــەی ڕۆژانــە دروســت بــێ، بــەڵام ئەمەیــان شــتێکی ســواوە وەکــوو شــیعری (کلیفــۆن) و (ســتینیلۆس)، لەلایەکــی تــرەوە، ئــەو زمانــە شــیعرییەی وشــەی نابــاوی تێــدا بــەکار بێــت، بــەرزی و شــکۆمەندیی تێدایــە و لەســەرووی زمــانی ڕۆژانەوەیــە.)) (ئەرســتۆ، ٢٠١١، ٨٣)، بــە بــڕوای ئەرســتۆ، شــیعر پێویســتی بــە ڕوونییــە، بەلایــەوە ڕوونییــەک کــە وشــەی ڕۆژانــە و بــاوی تێــدا بــەکار هــات ئــەوە شــتێکی ســواوە، شــیعر لەکاتێکــدا هێــزی خــۆی بەدەســت دەهێنێــت، کــە وشــەی نابــاوی تێدابێــت و لەســەرووی زمــانی ئاســایی خەڵکــەوە بێــت، ئەمــەش بــۆ خــۆی ئاماژەدانــە بــەلادان.

لەنێــو ئــەو باســانەی ڕەوانبێــژی کۆنیشــدا چ لای عــەرەب و فــارس و تەنانــەت کوردیــش چەمکــی لادان بەناڕاســتەوخۆیی لەزۆربــەی کتێــب و لێکۆڵینــەوە ڕەوانبێژییەکانــدا بــەڕوونی دەبینرێــت، چ لەبــواری ئــەو هونەرانــەی خزمــەت بەوێنــەی

شیعریی دەکەن، چ لەو هونەرانەی لەخزمەت لایەنی واتاسازین وەک: پاش و پێشخستن و کورتبڕی و درێژبڕی و...هتد. ئەم باسانە هەرچەندە ڕاستەوخۆ کارکردن نییە لەژێر چەمکی لاداندا، بەڵام ئەم هەوڵانە کاریگەری و بەهای خۆیان هەیە لەسەرهەڵدانی چەمکی لادان بەشێوە و تێگەیشتنە ڕۆژئاواییەکەی.

وەک ئاشکرایە مەودای لێکۆڵینەوە لەدەقی ئەدەبی لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، بۆ ئەوەی شێوەیەکی زانستی بگرێتەبەر، لەمەسەلەیەکی لەم شێوەدا، پێویستی بەوردبوونەوەی زیاتر هەیە و بۆ دەستخستنی کارە زانستییەکە پێویستە ڕاستەوخۆ لەو شوێنەوە توێژینەوە گرنگی خۆی بەدەست بهێنێت، کە چەمکی زانست و بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیی تێیدا هاتۆتەکایە، ئەمەش سەبارەت بەزاراوە و چەمکی لادان (زۆرێک لەتوێژەران و ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان سپیتزەر یەکەم کەسە کەزاراوەی لادانی بەکارهێناوە لەتوێژینەوەکانیدا، بەلایەوە لادان پێوەرێکی ئەدەبییە و جیاوازە لەبەکارهێنانی باو، پێوەندی بەدەروونی نووسەر و کارە ئەدەبییەکەیەوە هەیە، تایبەتمەندییەکانی نووسەر لەو گۆڕانانەدا کە لەبەرهەمەکەیدا هەیە دەبینێت، بەوەش تایبەتمەندی کەسایەتی نووسەرەکە بەدیاردەکەوێت، وا لەنووسەر دەکات کە دوور بکەوێتەوە لەبەکارهێنانی شتی باو و زمانی باو) (لوصیف، ٢٠١١، ٤٢). هەر لەم بارەیەوە (ریحان اسماعیل) دەڵێت: (بالی بۆ سنووردارکردنی لەدەربڕینە زمانەوانییە سۆزدارییەکان و تایبەتمەندییە سۆزدارییەکاندا، کاری لەسەر چەمکی لادان کردووە بەبێ ئەوەی ناوی زاراوەکە بهێنێت، پاشان لای سپیتزەر زاراوەی لادان هاتە ناوەوە و لەڕێبازی زمانەوانی شیکاریی خۆیدا پەرەی پێدا بۆ ئەوەی پاڵنەرە دەروونییە لادەرەکانی خودی شاعیری پێ ئاشکرا بکات، بەشێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی گۆڕانکاییەکانی سەردەم بێت)(المساعید، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ١٣)، بەم پێیە سپیتزەر یەکەم کەسە لادانی وەک چەمکێک لەتوێژینەوەکانیدا بەکارهێناوە و کاری لەسەر کردووە.

لێرەدا دید و بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەبی لەمەڕ لادان و پێوەندی بەشێوازی شیعرییەوە وەردەگرین تا چەمکی لادان ڕوون بکەینەوە، سپیتزەر خۆی باسی خۆی دەکات ((کە ڕۆمانە فەرەنسییە نوێیەکانی دەخوێندەوە، وا ڕاهاتبوو، هێڵێك بهێنێ بە ژێر ئەو دەستەواژانەی سەرەنجیان ڕادەکێشا و بە لایەوە وابوو لایداوە لە بەکارهێنانی باو، کاتێکیش بەراوردی لە نێوان دەستەواژە دەست نیشانکراوەکاندا دەکرد دەیبینی تا ڕادەیەکی زۆر وەك یەکن، ئەمە وای لێکرد بگەڕێت بە شوێن ناوێکی گشتی بۆ ئەم هەموو لادانانە، لە خودی نووسەردا دەگەڕا بۆ بنچینەیەکی گیانی و دەروونی هاوبەش بۆ ئەم لادانانە))(سەعید، ٢٠١٠، ١٧)، لەدوایشدا لادان وەک چەمکێکی نوێ لای ئەمەوە بەردی بناغەی دانرا.

دیارە چەمکی لادان لە بنەڕەتدا زادەی شێوازگەرییە و دواتر لەنێو شێوازدا مەودایەکی فرەوانتری وەرگرت و جگە لەشێوازگەراکان لەقوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکانی تردا جێی بایەخیان بووە، (احمد محمد ویس) لەم بارەیەوە دەڵێت:(لەگەڵ ئەوەی چەمکی لادان لە ژێر ڕۆشنایی توێژینەوە شێوازگەرییەکاندا گەشەی کردووە، بەڵام ئەمان سەربەخۆیان پێ نەبەخشی، مەحاڵە چەمکێکی گشتی لای یەك قوتابخانەوە سەربەخۆیی بەدەست بێنێت، بەم شێوەیە بەشێک لە قوتابخانە و ڕەوت و ئاراستەی جۆراوجۆر لە بنیاتنانی لادانداا بەشدارییان کردووە، لای سوریالییەکان، هەروەها لای فۆرمالیستە ڕووسەکان، قوتابخانەی پراگ، لای بونیادگەرەکان قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێن (تولیدی) و گوێزانەوە (تحویلی) دەبینرێت و هەیە)(ویس، ٢٠٠٥، ٩٠).

(تۆدۆرۆف) لەسەر بنەمای شێواز لەلادان ئەڕوانێت، بەلایەوە ئەگەر زمانی ئەدەبی هەمووی پراکتیك کردنی شێوەی ڕێزمان بێت،ئەوا لادان دروست نەدەبوو، بەلای ڕیڤاتێریشەوە لادان تێکشکاندنی ڕێزمانە و هەندێ جاریش بەکارهێنانی دارشتنی زمانیی دەگمەنە(ویس، ٢٠٠٥، ١٠٢-١٠٣)، (ڤالێری) بۆ شیکردنەوەی لادان جیاوازی لەنێوان شیعر و پەخشاندا بەوە کردووە کە پەخشان وەک ڕێکردنی ئاسایی(پیاسەکردن) داناوە و ڕیتمێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، شیعریشی بەسەما چواندووە کەجوڵەکانی لەسەر ڕێرەوێکی شێواوە، پێی وایە وەک چۆن سەماکردن جووڵەکانی لەسەرهێڵێکی ڕاست نییە، شیعریش بەهەمان

شـێوە لادانــە لــەو هێڵــە ڕاســتە، واتــە لادانــە لەڕێــڕەوی باو(لوصیــف، ٢٠١١، ٤٢)

جــان کۆهــن دەڵێــت: ((لەبەرئــەوەی کــە پەخشــان شـێوازێکی زمانیــی بــاوە، دەشـێت بەپێــی پێوەرێــک بڵێیــن قەسـیدە، جــۆرە لادانێکــی زمانییــە، لادانیــش هەمــان پێناســەیە)) (کۆهیــن، جــان، ٢٠٠٨، ١٦)، کەواتــە بۆچــوونی کۆهیــن تەبایــە لەگــەڵ تێڕوانینــەکانی تــردا دەربــارەی لادان. هــەر ئــەم تێڕوانینانــە وا لــە (کدکنــی) دەکات بڵێت:(لەڕاسـتیدا شـیعر هیـچ نییـە جگـە لـە شـکاندنی نۆرمـی زمـانی ئاسـایی و لۆژیکــی، لەئاخاوتنــی ئاســاییدا، لەکتێبــە زانســتییەکاندا، لەدەربڕینـە فەرمییەکانـدا، زمـان دۆخێکـی هەیـە کـە هەمـوان هەمــان شــێوازی مامەڵەکردنیــان لەگەڵیــدا هەیــە، یــان هەرکەسـێک بەکەمێـک گۆڕانکاریـەوە گوزارشـتی لێـدەکات، بـەڵام لـە شـیعردا زمـان بریتییـە لەشـکاندنی ئـەم نۆرمـە بـاوە) (کدکنـی، ١٣٨٥، ٢٤٠). لەڕوانگـەی ئـەم بۆچوونانـەوە دەگەینـە ئـەوەی کـە لادان، هــەر دەربڕینێکــە کەیاســای زمانیــی بــاوی تێــدا بشــکێنرێت و جارێکــی تــر زمانێکــی نــوێ لەڕێگــەی دەقـەوە بنیـات بنێـت، کـە هــەر نووسـەر و ئەدیبـەی بەپێـی توانــای خــۆی و فەرهەنگــە ئاوەزییەکــەی بتوانێــت یاســاو شـێوازی نـوێ و تایبــەت بەخـۆی دابڕێژێـت و لەوێشــەوە شـێوازی تاکەکەســی خــۆی لــە قۆناغــە ئەدەبییەکــەدا پــێ دیــاری بــکات.

٣/١ لادان لەئاستی واتا

ئەگــەر ئاســتەکانی تــری دەنگســازی و وشەســازی و ڕستەســازی ئاســتگەلێکی ڕووکــەش بــن لەدروســتکردنی شـیعرییەتی شـیعردا، ئــەوا ئاسـتی واتایــی ناواخــن و کرۆکــی دروسـتبوونی ئـەم شـیعرییەتەیە، زمـانی شـیعر لەجەوهەریـدا لەڕێگـەی ئـەم ئاستەوە خـۆی دەنوێنـێ و ((شـیعر، هەرچەنـدە دەلالــەت لەتێکــڕای شــتەکانی نێــو ڕایەڵــەکانی مــرۆڤ و گــەردوون بــکات، لەنــاو قۆزاخــەی زمانــدا- زمــانی شــیعر، سـووڕی خـۆی تـەواو دەکات و دەبێتـە پێکـوڕە و پـێ دەگات)) (مەحمـود، ٢٠٠٩، ١٢٩). هــەر لادانێــک لەئاســتی واتاســازیدا، گـەر بەئاگاییـەوە و بەشـێوەیەکی هونـەری ئەنجـام بدرێـت، بـەرەو زمـانی شـیعر ڕاکێشـمان دەکات (لادانی واتایـی فاکتـەری سـەرەکی ئەفرانـدنی شـیعرە، بـەوەی کـە نیشـانە زمانییـەکانی نیشــان بۆکراو(مەدلــول) لەنیشــان کــراو (دال)جیادەکاتــەوە) (مطلـق، ١٣٩٤، ١١٥)، چونکـە ((زمـانی شـیعر زمانێکـە لەنـاو خولگـەکانی واتـای شـیعردا دەژیـت، دەستنیشـانکردنی خـود و چییـەتی زمـانی شـیعر و دیـاردەکان و کاری یاسـایی و لادانـەکان و ئەرکــی بونیــاتی و ڕێکــی و ناڕێکــی یەکــەکانی پرۆسێســی شــێوازگەری بەرپرســیارێتی لەئەســتۆ دەگرێت))(مەحمــود، ٢٠٠٩، ١٢٩-١٣٠)، ئەگەرچــی لادانی واتایــی تایبەتمەندییەکــی شـیعرییە، بـەڵام ئـەم لادانـە پەڕیوەتـەوە بـۆ نـاو پەخشـان و ئاخاوتنــی ئاســایی خەڵکیــش، جیاوازییەکەشــیان لەچۆنێتــی چەندێتــی ڕێژەکەیــدا هەیــە، لــەم بارەشــدا جیــاوازی زمــانی دەربڕینـی کەسـێک لەکەسێکی تـر و نووسـەرێک لەنووسـەرێکی تـر، بـۆ ئـەو لادانـە واتاییانـە دەگەڕێتـەوە کـە لەئاخاوتـن یـان نووسینەکانیاندا ئەنجامـی ئـەدەن، بـەوەش شـێوازی تاکەکـەس بەرهــەم دێــت، لێــرە و لــەوێ چەنــدان نووســین دەبینرێــت، کــە لــە بنەڕەتــدا پەخشــانن، بــەڵام بــە پێڕەوکــردنی لادانــانی واتایــی، زمــانی پەخشــانەکە بــەرەو شــیعربوون ڕۆشــتووە، لـەو ڕوانگەشـەوە لادانی واتایـی مەبەسـتە و دەلالـەتی تایبـەتی لەخۆیــدا هەڵگرتــووە.

لەنــاو دەقــی شیعریشــدا ئــەم لادانــە لەســەر بنەمــای ئــەوەی دەق لەیەکــەم خوێندنەوەیــدا خــۆی بەدەســتەوە نـەدات، بەکاردەهێنرێـت، چونکـە هـەر دەقێـک تەنهـا یـەک خوێندنـەوەی هەبێـت، پلـەی شـیعرییەتی هێنـدە بـەرز نییـە و تـا ببێتـە دەقێکـی داهێنەرانـە، کـە توانـای مانـەوەی هەبێـت، بۆیـە هەردەقێـک بـەم جـۆرە نەبێـت، باڵایـی لەدەسـت دەدات و لەگـەڵ قسـەی ئاساییدا هەمـان کاریگـەری لەسـەر خوێنـەر و بیسـەر دەبێـت، شـاعیرانیش لەنێـو دەقەکانیانـدا ئـەم لادانـە پێـڕەو دەکـەن تـا لەڕێگەیـەوە ئاسـتی باڵایـی بەدەقەکانیـان ببەخشــن، بۆیــە ((داهێنــەری شــاعیر لەوەدایــە، کــە لــەو بەکارهێنانــە واتاییــە تەســکەی وشــەکان لــە فەرهەنگــدا هەیانـە دوور بکەوێتـەوە و هەوڵـی دۆزینـەوەی پەیوەنـدی و وێنـەی نـوێ لـە ئەزمـوونی شـیعری خـۆی بـدات، کـە پێشـتر لـە بیـر و زەینـی خوێنـەردا بـوونی نەبـووە، دۆزینـەوەی ئـەو وێنانـەش لـە ڕێگـەی لادانـە واتاییەکانـەوە دێتـە بوون))(قـادر، ٢٠١٤، ١٠٢)، ئـازاد ئەحمـەد مەحمـود ئـەم لادانـە بەهەڵـەی ئەنقەسـت نـاو دەبـات لەلایـەن شـاعیرانەوە و بـۆ مەبەسـتی

بەدەستهێنانی ڕاستگەیاندنێکی دەلالی و تایبەتی(مەحمود، ٢٠٠٩، ١٣١).

شێواز و جۆرەکانی لادانی واتایی لەتوێژینەوەکانی لەمەڕ ئەم بابەتە چەندان دابەشکاری و پۆلێن بەندی بۆکراوە، بەچەندان ناوی جیاجیاوە جۆرەکانی داڕێژراوە، بەڵام هەموو توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کەلادان لەم ئاستەدا لەڕێگەی ئەو بیرۆکە و وێنانەوە بەدەست هاتووە، کە شاعیران بۆ مەبەستی زیاتر فرەوانکردنی واتای دەقەکەکان لەڕێگەی ئەو وشانەی هەڵیانبژاردووە، وشە و وێنەکان لەم ئاستەدا کۆڵەکەی لادانەکانن و لەم لادانەشدا وشەکان هەڵگری ئەو واتایە نین کەلەفەرهەنگی زماندا هەیانە بەڵکو لەلایەن شاعیرانەوە واتا و مەبەستی دیکەیان خراوەتە ئەستۆ و دەبێ بەپێی ئەو دەوروبەرە لێکبدرێنەوە کە دەقەکەی تێدا بنیاتنراوە، (صافیە محەمەد) لەم بارەوە دەڵێت: ((زمانی شیعریش، کە زیاتر نامۆیی و ناوازەیی لەپێڕەوکردنی یاساکانی زمان و داهێنان و نوێگەری لەواتادا تێدایە، واتای وشە و یەکە زمانییەکان دەبێت لە چوارچێوەی ئەو نەسەقە زمانییە لێکبدرێتەوە، هەرسیاقێک لەدایک بووی ئەو دەقە خۆیەتی)) (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٥١)، کەواتە وشە لەلادانی واتاییدا بەپێی ئەو دەوروبەرە لێکدەدرێتەوە کە دەقەکەی تێدا لەدایکبووە، نەک بەپێی فەرهەنگ، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئەو وێنانەی لەنێو دەقە شیعرییەکاندا، کە لەڕێگەی وشەوە دروست بوون، تیایاندا بەدوای ئەو واتایانەدا بگەڕێین کە لەمەبەستی دەقەکەدا بۆی دانراوە و لادانە لەو واتایەی فەرهەنگی زمان بۆی دیاریکردووە، چونکە هەر ئەم حاڵەتەیە شیعر دەکاتە خاوەن زمانێکی واتاداری تایبەت بەخۆی بۆیە دەوترێت (ڕازی هونەر دۆزینەوەی زمانێکە، کەسیی، نادیار، بەچڕی تاکیی و دەروونی)(یخدانساز، ١٣٩٣، ١٢٥).

٢/ میکانیزمەکانی لادانی واتایی:

لادانی واتایی وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد بەزۆر جۆر و شێوەی جیاجیا پۆلێن کراوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدەین لەڕێگەی ئەو کەرەستە و ئەرکانەی لادانە واتاییەکان دەهێننە بەرهەم کار لەسەر ئەم بابەتە بکەین، کە ئەوانیش ئەو هونەرانەن کە وێنەی شیعریی دروست دەکەن وەک:(لێکچواندن و خواستن) کەلادانی چۆنێتیین و بەلادانی جێگۆڕکێکردن(استبدالی)یش ناودەبرێت، هەروەها لەڕووی ئەرکەوە، کە (جان کۆهین) بە لادانی ئەرکیی (دانەپاڵ و دیاریکردن و گەیاندن) ناوێری کردوون.

١/٢ لێکچواندن

بریتییە لەبەراوردکردنی دوو شت یان زیاتر لە یەک ڕوو یان زیاتری هاوبەش لەنێوان دوو شتەکەدا، کە زۆرجار هەریەک لەو شتانە یەک وشەن یان جاری واهەیە زیاتر لەیەک وشەن، بەراوردکردنەکە لەڕێگەی چواندنەوە و لەنواندنی وێنەیەکدا بەرجەستە دەبێت، (جلیل ڕشید صالح) لێکچواندن بە سادەترین جۆرەکانی وێنەی ڕەوانبێژی دادەنێت، بەلایەوە ((ئەو جۆرە وێنە کێشانەیە کە پشت بە دوو لایەن دەبەستێت، بەڵام ناتوانن بیانگەیەننە پلەی بەیەك بوون، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای جیاوازی تەنیایی هەر بە یەکێکیان بنیات دەنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا بێ بەش نیە لە یەکگرتن و کارلەیەك کردن))(عیسی، ٢٠٠٩، ٩٢)، یان دەوترێت ((لێچواندن پێوەندییەکی بەراوردیە لەنێوان دوو لایەن بەهۆی یەکبوون و هاوبەشییان لەخاسیەتێک یان حاڵەتێک یان چەند خاسیەت و حاڵەتێکدا، ئەو پێوەندییە دەکرێت بدرێتە پاڵ هاوبەیەکی هەستی، وە دەکرێت بدرێتە پاڵ هاوبەشیەک لەحوکم و پێویستیەکی ژیری کە هەردوو لایەنە بەراوردکراوەکە بەیەکەوە دەبەستێت، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات دوو لایەنەکە لە جەستەداو لە هەموو خاسیەتێکدا بەیەک بچن))(حەوێزی، ٢٠٠٩، ٧٠).

وێنە لەڕێگەی لێکچواندنەوە لەڕێگەی دووبنەمای سەرەکی(لێچوو، لەوچوو) و هەروەها دووبنەمای ناسەرەکی(ئامراز، ڕووی لێکچواندن)ەوە دروست دەبێت، واتە چوار بنەما لەم هونەرەدا بەشداری دەکەن لەدروستکردنی وێنەدا، کە دەکرێت هەرچواریان (سەرەکیەکان، ناسەرەکییەکان) بەشداربن، یان هەندێ جار هەردوو سەرەکییەکە و یەکێک لەناسەرەکییەکان، یان دەکرێت تەنها لەڕێگەی هەردوو سەرەکییەکەوە وێنەکە بنیات بنرێت، گەر یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەش

دەرنەکەوێــت ئــەوا هونەرەکــە لەلێکچواندنـــەوە دەبێتــە خواســتن کــە لــەدوای ئــەم بابەتــەوە باســی دەکەیــن.

لێکچوانـدن بـە دەرکەوتـن و دەرنەکەوتنـی هەریـەک لـەو بنەمایانـە، یـان بەگۆڕینـی شـوێنی بنەمـاکان لەژێـر چەنـدان نـاو و شـێوەی جیاجیـادا جـۆرەکانی لێکچوانـدن لەیـەک جیادەکرێنـەوە، بەهێزتریـن وێنـە لـەڕووی هونەرییـەوە ئەوکاتەیـە، کـە تەنهـا دوو بنەڕەتـە سـەرەکییەکە هاتـبن، کـە وادەکات خوێنـەر یـان گوێگـری دەق لەهاوبەشـکردن و بـەراوردی وێنەکـەدا بەشـداربێت و مەودایەکـی باشـتر بـۆ تێکـەڵ بـوونی خوێنـەر و گوێگـر لەلێکدانـەوە و شـیکردنەوەی وێنەکـەدا دەڕەخسـێنێت، دروسـتکردنی وێنـە لـەم ڕێگەیـەوە لەگـەڵ مێـژووی پەیدابـوونی شـیعردا بـوونی هەبـووە، لەکۆنـدا زیاتـر ئـەو شـتانەی ڕووی لێکچواندنەکەیـان لەیەکـەوە نزیـک بـووە بـەراورد کـراون، بـەڵام لـە شـیعری نوێدا(هاوچـەرخ) ئـەم تایبەتمەندییـەی لێکچوانـدنی کـۆن تێکشـکێنراوە شـێرزاد عەبدوڵـڵا قـادر سـەبارەت بەلێکچوانـدن دەڵێـت: ((ئـەم هونـەرە لـە شـیعری کـۆن و نوێـدا سـەرچاوەی بونیـاتی وێنـەی شـیعری و لادانـە واتاییەکانـن، بـەڵام لـە شـیعری تـازە و هاوچەرخـدا زۆر قوڵـتر و خەیـاڵ ئامێزتـر و سـیحراویترن))(قادر، ٢٠١٤، ١٠٣)، ئەگـەر چوانـدنی دوو شـت لـە شـیعری کۆنـدا تاڕادەیـەک نزیکایـەتی لەنێـوان چوێـنراو و پێچوێنراوەکانـدا هەبووبـێ، وەرگـر بەدیارینەکـردنی ڕووی لێکچواندنـەکان توانیبێتـی لایەنـە لەیەکچووەکانیـان لەئـاوەزی خۆیـدا دیـاری بـکات، ئـەوا لـە شـیعری هاوچەرخـدا ئـەم دیاردەیـە جیـاوازە و تاڕادەیـەک پێوەنـدی نێـوان چوێـنراو و پێچوێـنراو وەک تایبەتمەندییەکـی شـیعریی قۆناغەکـە لەیـەک دوورن، بۆیـە خوێنـەر پێویسـتە خـۆی لێکدانـەوەی بـۆ بـکات، (دەریـا جەمـال حەوێـزی) لـە توێژینەوەکەیـدا ئامـاژە بـەدوو شـێوە لـە لێکچوانـدن دەکات و بەلایـەوە جۆرێـک لـە لێکچوانـدن و دروسـتکردنی وێنـەی ڕۆژانەیـە، کـە کەسـانی ئاسـایی بـۆ شـیکردنەوەی قسـە و ئاخاوتنـەکانی ڕۆژانـە لـە دەربڕینـی بیـروڕا و گەیانـدنی بۆچوونەکانیانـدا بەکاریدەهێنـن، کـە تیایـدا شـتە ئاشـکراکان بەیـەک دەچوێنـن، بـەڵام ئـەوەی شـاعیر بەکاریدەهێنێـت لەسـەر بنچینـەی شـتە نائاشـکراکان بەئاشـکراکان دێتەبەرهەم(حەوێـزی، ٢٠٠٩، ٧١)، هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەم نائاشـکراییەیە لادانـەکان دروسـت دەبـن.

(جـان کۆهـن) دروسـتکردنی وێنـە لەڕێگـەی لێکچواندنـەوە لـە شـیعری هاوچەرخـدا بەتێکشـکاندنی یاسـا بـاوەکانی زمـان ناودەبـات، بەلایـەوە هەمـوو وێنەیـەک دەرچوونـە لەیاسـاکانی زمـان و شـاعیران بەتێکشـکاندنی زمانـە باوەکـە جارێکـی تـر زمانێکـی نـوێ دادەهێنـن، کـە بەفۆرمێکـی جوانیناسـیی دەربڕیـن بنیاتیـان دەنێنـەوە، بـەم شـێوەیە لێکۆڵینـەوە لەوێنـە دەبێتـە لێکۆڵینەوەیـەک، کـە نیشـانی دەدات شـاعیران چـۆن زمانێکـی تایبـەت بەخۆیـان بەکاردەهێنن(عفانـة، ٢٠١٢، ١٣١)، بەکارهێنـانی زمانێکـی تایبـەت لـەم ڕێگەیـەوە کەشـێکی لەبـار بـۆ داهێنـان لای شـاعیران دەخولقێنێـت، هەرئەمەشـە وای لـە لەتیـف هەڵمـەت کـردووە کـە بڵێـت: ((شـاعیری نەمـر ئـەو شـاعیرەیە کـە لاسـایی هیـچ شـاعیرێکی دیکـە ناکاتـەوە و لـەکاتی داهێنانـدا هەمـوو یاسـا و ڕێسـاکانی شـیعر دەشـکێنێ، شـاعیری داهێنـەر لـە هەمـوو یاسـا و ڕێسـاکانی شـیعر گەورەتـرە ملیـان بـۆ کـەچ نـاکات و دەبـێ ئـەوان مـلی بـۆ کـەچ بکەن))(سـەعید، ٢٠١٠، ١٥٨)، ئـەو داهێنانانـەش لەئەنجامـدا دەبنەهـۆی دروسـتبوونی لادان، لێـرەوە دەچینـە سـەر ئـەو شـێوازانەی لادان کـە لـەم هونـەرەوە دروسـت دەبـن.

١/١/٢ بەکەسـکردن: بریتییـە لەپێـدانی سـیفات و تایبەتمەندییـەکانی مـرۆڤ بـەو شـتانەی (- مـرۆڤ)ن، بـۆ نموونـە: شـێرکۆ بێکـەس لـە شـیعری (داسـتانی هەڵـۆی سـوور) دا دەڵێـت:

زۆردەمێک بوو، ئاسۆ وەکوو

شاعیرێکی تەنیای چاوشین

ئانیشکی دادابووە سەر کەل(بێکەس ب٢، ٢٠٠٦، ١٥٣).

لـەم شـیعرەدا (ئاسـۆ) کـە وشـەیەکی (- مـرۆڤ)ە، شـاعیر چواندوویـەتی بە(شـاعیرێکی تەنیـای چاوشـین)کە سـیفەتی (+ مـرۆڤ)ی تێدایـە، بـەوەش لادانی واتایـی دروسـتکردووە.

٢/١/٢ بەئاژەڵکـردن: بریتییـە لەپێـدانی سـیفات و تایبەتمەندییـەکانی ئـاژەڵ بەشـتانەی کـە خۆیـان ئـاژەڵ نیـن، ئـاژەڵ لێـرەدا بەواتـای هەمـوو بوونـەوەرەکان جگـە لەمـرۆڤ دێـت، بۆنموونـە: قوبـادی جـەلی زادە لـە شـیعری (مەمـک)دا دەڵێـت:

ئێستە مەمکت

دوو پشیلەی خڕی ماڵین(جەلی زادە، ٢٠٠٧، ٢٣).

وشـەی (مەمـک) لێـرەدا بەشـێکە لەجەسـتەی مـرۆڤ و لێچـووە، شـاعیر چواندوویـەتی بـە (پشـیلە) کـە لەوچـووە، لەوچووەکـە ئاژەڵـە، واتـە مەمکـت وەکـوو پشـیلەیە، ئـەم وێنەیـەش لادانی واتاییـە، ئەوەمـان لەبیـر نەچێـت، هـەر ئـەم نموونەیـە بـەراورد بـە وێنـەی مەمـک لـە شـیعری کلاسـیکیدا هەرخـۆی لادانـە، چونکـە لـە شـیعری کلاسـیکیدا زیاتـر بـە (سـێو، هەنـار، بـەی، لیمـۆ، نارنـج، پرتەقاڵ..هتـد) دەچوێـنرا، کـە هاوشـێوەییەک لەنێـوان لێچـوو و لەوچووەکـەدا هەبـوو.

٣/١/٢ بەڕووەککـردن: بریتییـە لەپێـدانی سـیفات و تایبەتمەندییـەکانی ڕووەک بەشـتانەی کـە خۆیـان ڕووەک نیـن، بۆنموونـە: ڕەفیـق سـابیر لـە شـیعری (تیشـک)دا دەڵێـت:

چنگێک پشکۆی لەنێو پەڵە هەورێکدا چاند

باڵای وەک درەختی شەونم

بەسەر مەوداکاندا تەکاند(سابیر، ٢٠١٤، ٤٩٨).

لـەم شـیعرەدا وشـەی (بـاڵا) لێچـووە و هەڵگـری تایبەتمەنـدی (- ڕووەک)ە، چوێـنراوە بە(درەختـی شـەونم)، کـە لەوچـووە و ڕووەکـە، بـەوەش لادانـە واتاییەکـە دروسـتبووە، لـە قۆناغـەکانی پێشـوودا بـاڵا بـە داری چنـار و عەرعەر..هتـد دەچوێـنرا، کەچـی لـەم شـیعرەدا وەک بینیـمان لادانـە لـەو چواندنانـەی پێشـتر کـە لـە شـیعری قۆناغـەکانی تـردا هەبـوون.

٤/١/٢ بەئەبسـتراکتکردن: بریتییـە لەپێـدانی تایبەتمەنـدی (- تـەن) بـە شـتێک کـە خـۆی تایبەتمەنـدی (+ تـەن)ی هەیـە، شـاعیر بەمەبەسـتی ورووژانـدنی بیـری خوێنـەر ئـەم کارە ئەنجـام دەدات، بـۆ نموونـە: شـێرکۆ بێکـەس لەدەقـی (تابلـۆی دووهـەم) لـە کۆمەڵەشـیعری (کاوەی ئاسـنگەر)دا دەڵێـت:

یەکەم:

کچێک بوو، دراوسێمان بوو

حەزم لێ کرد

دووهەم:

ئێ.. ئێ.. جوان بوو؟

یەکەم:

وەکـوو فریشـتەی ئاسـمان بـوو... ئانانـا بوو(بێکـەس ب٣، ٢٠٠٦، ٤٩-٥٠).

لـەم شیعرەشـدا شـاعیر وشـەی (کـچ) کـە تەنێکـی بەرجەسـتەیە و سـیمای (+ تـەن)ی هەیـە و لێچووەکەیـە، چواندوویـەتی بـە (فریشـتە) کـە ناوێکـی نابەرجەسـتەیە و سـیمای (- تـەن)ی هەیـە، ئـەم جـۆرە لێکچواندنـە لـە شـیعری قۆناغـەکانی پێشـوودا زۆر باوبـووە، بـەڵام لەدەقـی (جوانـوو) دا کـە ئـەم جـۆرە لادانـەی تێدایـە، لێچـوو و لەوچووەکـەی شـتێکی نوێیـە و لـە شـیعری پێشـوو جیـاوازە، کەدەڵێـت:

جوانوویەک بوو

وەکوو شەفەق حیلەی سوور و

وەکوو کولوو گیانی سپی. (بێکەس ب٢، ٢٠٠٦، ٦٢٠).

لـەم شـیعرەدا وشـەی (جوانـوو) لێچووەکەیـە و سـیمای (+ تـەن)ی هەیـە، چوێـنراوە بە(شـەفەق)، کـە لەوچـووە و ئەگـەر چـی تەنێکـی بەرجەسـتەیە، بـەڵام سـیمای (- تـەن)ی هەیـە، بەمـەش لادانـە واتاییەکـەی پـێ دروسـت بـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر خـودی لێکچواندنەکـە لادانـە لـەو وێنانـەی لـە قۆناغـەکانی تـردا هەبـوون، چونکـە لـە قۆناغـەکانی تـردا وێنـەکان نزیکایـەتی لەنێـوان لێچـوو و لەوچووەکانیـدا دەکـرد، هـەر لـەم شیعرەشـدا لەدێـڕی سـێهەمیدا کـە لێکچواندنـە لەنێـوان بێچـووی ئەسـپ و کلـووی بەفـردا لەسـپێتیدا کـراوە، وێنەکـە نزیکایـەتی لێچـوو و لەوچووەکـەی هەیـە، بـەڵام لەنێـوان بێچـووی ئەسـپ و شـەفەق وێنەیەکـی نوێیـە و پێشـتر لـەم جـۆرە لێکچواندنانەمـان لـە شـیعری کۆندا(کلاسـیک) بەرچـاو نەکەوتـووە.

٥/١/٢ بەتـەن کـردن: پێچەوانـەی کـردەی بەئەبسـتراکت کردنـە و بریتییـە لەپێـدانی تایبەتمەنـدی (+ تـەن) بـە شـتێک کـە خـۆی تایبەتمەنـدی (- تـەن)ی هەیـە، بەهەمـان شـێوەی بەئەبسـتراکت کـردن شـاعیر بەمەبەسـتی ورووژانـدنی بیـری خوێنـەر ئـەم کارە ئەنجـام دەدات، بـۆ نموونـە: فەرهـاد شـاکەلی لەدەقـی (تووڕەبیـم)دا دەڵێـت:

تووڕەییم وەک ئەسپێکی سەرکێش

هەڵمدەگرێ و

بەسەر فەڕەنگ و فەڕەنگستانا

تاو دەدات(شاکەلی، ٢٠٠٩، ٩٦).

وشـەی (تووڕەییـم) کەچەمکێکـی واتاییـە و لێچـووە، هەروەهـا تایبەتمەنـدی (- تـەن)ی هەیـە، شـاعیر چواندوویـەتی

بە (ئەسپێکی سەرکێش) کە لەوچووە و سیمای واتایی (+ تەن)ی هەیە، بەوەش لادانی واتایی لەڕێگەی بەتەنکردنی ئەو شتەی کە نابەرجەستەیە هاتۆتە ئاراوە.

٢/٢ خواستن

بریتییە لەبەکارهێنانی وشەیەک یان زیاتر کە لەبری واتای بنجی خۆیان بەکارنەهاتوون، بەڵکو بۆ واتایەکی تر کە هەندێ جار نزیک یان دوور بەکاردەهێنرێت، کە بەهۆی قەرینەیەکەوە دەزانرێت ئەو وشەیەی خواستراوە بۆ واتا بنجییەکە نییە، مەبەستمان لەواتای دوور ئەوەیە کە جار هەیە ئەو وشەیەی خواستنەکە دروست دەکات لەگەڵ بۆخواستراوەکەیدا پێوەندی لێکچوونەکەیان زۆر ئاشکرا نییە، بۆنموونە کە دەڵێین (باڵی هەور)، هەموو دەزانێت کە هەور باڵی نییە، بەڵام لێکدانەوەی (هەور) زۆر بەئاسانی شیکردنەوەی بۆ ناکرێت، بەو هۆیەی دەیان شت هەیە کە باڵی هەیە و لەسەر تەوەری جێنشینی دەتوانرێت وشەکانی (باڵندە، مرۆڤ، فڕۆکە... هتد) لەبری دابنرێت، هەرچی نزیکەکەیە زووتر ئاشکرا دەبێت، بۆ نموونە کە دەڵێین (مانگ دەرکەوت) بەهۆی ئەوەی وشەی (مانگ) زۆرجار بۆ جوانی و بەتایبەت ڕەگەزی مێ خواستراوە، بەزووی واتاکەی ئاشکرا دەبێت، کە لەم نێوەندەشدا قەرینە ڕۆڵی بەرچاوی لەئاشکراکردنی خواستراوەکەدا هەیە، خواستنیش هەر وەکو لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراوردکردنی دوو شتەکە دێتە بەرهەم، ئەوەندە هەیە لەخواستندا یەکێک لەشتەکان لەدەربڕینەکە(ئاخاوتن یان نوسراو)دا دەردەکەوێت، ئەویش لێخواستراو یان بۆخواستراوەکەیە، کەرانبەرن بە لێچوو و لەوچوو لە لێکچواندندا، (هاوژین سلێوە) لەم بارەیەوە دەڵێت:((لەخواستندا تەنیا یەکێک لەبنەما سەرەکییەکان دەردەکەوێت ئەویش بەزۆری لێ خواستراوە، هەندێ جار بۆخواستراو دەردەکەوێت ئەوسا لێخواستراو دەرناکەوێت تەنیا پەیوەستێک لە لێخواستراو وەردەگرێت، ئەو کاتە خواستنی درکاو دروست دەکات))(عیسی، ٢٠٠٩، ٩٤)، بەدەرکەوتنی یەکێک لەو بنەڕەتە سەرەکییانەی لێکچواندن کە وادەکات خواستن بێتە ئاراوە، هێزی دروست کردنی وێنەی شیعری بەرەو باڵایی دەبات بەو هۆیەی خوێنەر یان گوێگر ڕاکێشی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە دەکات، هەربۆیە دروستکردنی وێنە لەڕێگەی خواستنەوە لەوێنەی لێکچواندن بەهێزترە((ئەگەر چی ئەویش لەبازنەی لێکچواندا دەسووڕێتەوە، بەڵام بەم شێوە ساکارە نایێتەدی، بەڵکو لەئەنجامی لێ وردبوونەوە هەست بەوە دەکەین کە(لێچوو)یەک لەئارادا هەیە، بەڵام نادیارە...، ئەگەر بەراوردێک لەڕووی سیمانتیکەوە لەنێوان (خواستن) و (لێکچواندن) بکەین، دەبینین لێکچواندن زۆربەی زۆری بۆ ئاشکرا کردن و ڕوونکردنەوەبەکاردێت کە دەچێتە خانەی یابابەتی وەسف بۆ دەربڕینی ئەندێشە، بەڵام خواستن زۆربەی بۆ هێز و توندی دەربڕین و کارتێکردنی لەگوێگران بەکاردەهێنرێ لەم ڕووەوە لە (لێکچواندن) بەهێزترە)) (حەوێزی، ٢٠٠٩، ١٩٥).

بەو پێیەی کە لەخواستندا وشە خواستراوەکە دەکرێت لەبیر و هزری وەرگردا بەوشەی تر جێگەی پڕ بکرێتەوە، بۆیە پێی دەوترێت لادانی جێگۆڕکێ، (جان کۆهین) ((گرنگی زۆری بەم جۆرە لادانە داوەو بڕوای وابووە لەکردەی خواستندا هەموو دالێك دوو مەدلولی هەیە، کە یەکەمیان نەگونجان و لادان لای خوێنەر دێنێتە کایەوە، بەڵام کاتێك خوێنەر دەرك بە مەدلولی دووەم دەکات ئەو گونجان و نارێکییەی پێشتری لانامێنێت،کەواتە خواستن بە خستنەرووی لادان لەلای نوسەر دەست پێدەکات و بە نەهێشتنی لەلای خوێنەر کۆتایی دێت لە حاڵی گەڕانەوەی بۆ بارە بنەڕەتییەکەی))(قادر، ٢٠١٤، ١١٠)، لادان لەو وێنانەی خواستن بەرهەمی دەهێنێت، چەند ڕوانگەیەکی هەیە، لێرەوە دەچینە سەر ئەو ڕوانگانە:

١/٢/٢ بەکەسکردن: لەم کردەیەدا وشە خواستراوەکە سیمای واتایی (- مرۆڤ)ی هەیە و شاعیر لەبری مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆ نموونە: فەرهاد شاکەلی لەدەقی (نەخشەیەکی نوێی ئازارەکانی ڕاسکۆلنیکۆڤ)دا دەڵێت:

ئەمشەو بەغدا، بەسەرخۆشی

بەمەیخانەکاندا دەسووڕێتەوە(شاکەلی، ٢٠٠٩، ١٧٢).

لەم شیعرەدا (بەغدا) وشە خواستراوەکەیە و لەبری خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو لەبری ناوی کەس بەکارهاتووە،

چونکـە ئـەوە مرۆڤـە کـە سـەرخۆش ئەبیـت و بەمەیخانەکانـدا ئەسـوورێتەوە، ئەمـەش بـۆ خـۆی لادانـە لەواتاسـازی.

٢/٢/٢ بەئاژەڵکـردن: بەکارهێنـانی سـیفات و تایبەتمەنـدی ئاژەڵـە بـەو کەرەسـتە خواسـتراوانەی خۆیـان سـیمای (- ئـاژەڵ) یـان هەیـە، بۆنموونـە: لەتیـف هەڵمـەت لـە شـیعری (سـێبەری چـاوە ژەنگاوییـەکان)دا دەڵێـت:

شەو لەچنگی هەنگاوەکانما ئەچەمێتەوە

بەسەر لقی ئارەزووەکانما

لە لەرەی تاریکایی هێلانەی

هێلکە ون بووەکان دروست دەکات(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٣).

هیـچ پێوەندییەکـی واتایـی لەنێـوان وشـەی (شـەو) و (هێلانـە دروسـت کـردن)دا نییـە، دروسـتکردنی هێلانـە کـردەی ئاژەڵـە و شـاعیر بـۆ شـەو هێناویـەتی، کەواتـە (شـەو) وشـە خواسـتراوەکەیە و سـیمای واتایـی (- ئـاژەڵ)ی هەیـە و لەبـری ئـاژەڵ هاتـووە، بـەوەش لادانـە واتاییەکـە هاتووەتـە ئـاراوە.

٣/٢/٢ بەڕووەککـردن: بریتییـە لەپێـدانی سـیفات و تایبەتمەنـدی ڕووەک، بەئـەو کەرەسـتانەی (- ڕووەکـن)، لـەم ڕێگەیەشـەوە لادان لەئاسـتی وتـادا دێتەکایـەوە، بـۆ نموونـە: شـێرکۆ بێکـەس لەدەقـی (بڕیـاری گوللـە)دا دەڵێـت:

درەختێکم ئەبزوێم و لەگەڵ خۆما،

ڕەگـی وشـە لـە زەمینـە ڕووتەکانـا دائەکوتم.(بێکـەس ب١، ٢٠٠٦، ٣٠٩).

لــەم شــیعرەدا شــاعیر وشــەی (ڕەگ)ی هێنــاوە بــۆ کەرەســتەیەکی نابەرجەســتە کەتایبەتمەنــدی (- ڕووەک)ی هەیـە و بەڕووەکـی کـردووە ئەویـش (وشـە)یە، واتـە (وشـە) لەبـری ڕووەک بەکارهاتـووە، کەهیـچ پێوەندییەکیـان لەنێوانـدا نییـە و بـەوەش بووەتـە هـۆی دروسـت بـوونی لادانی واتایـی.

٤/٢/٢ بەتەنکـردن: بریتییـە لەپێـدانی تایبەتمەنـدی (+ تـەن) بـەو شـتانەی کـە خەیاڵـی و واتاییـن، واتـە بەرجەسـتە نیـن، بۆنموونـە: فەرهـاد شـاکەلی لـە شـیعری (زەنگـی مـەرگ) دا دەڵێـت:

بەشەو پەنا بۆ گومەزیی گوڵڕەنگی خەون دەبەم

دەخزێمە خوار

دیسـان مـردن دێتـە سـەرم و کەوڵـم دەکات(شـاکەلی، ٢٠٠٩، ٧١).

لـەم شـیعرەدا وشـەی (مـردن) وشـە خواسـتنکەیە کـە (- تـەن)ە، لەبـری نـاوی (کـەس یـان شـت) هاتـووە، کـە سـیمای (+ تەن)یـان هەیـە، چونکـە مـردن توانـای چوونەسـەر کـەس و کەوڵکـردنی کـەسی نییـە، بـەوەش تایبەتمەنـدی کـەس و شـتی بەرجەسـتەی بەشـتێکی نابەرجەسـتە بەخشـیوە و لادانەکـەی لـێ هاتووەتـە بەرهـەم.

٥/٢/٢ هەسـتگۆڕکێ: مەبەسـت لەبەکارهێنـانی یەکێـک لەهەسـتەکانی (بـۆن، بیسـتن، بینیـن، تـام، بەرکەوتـن)ە، بـۆ یەکێکـی تریـان، یـان پێـدانی هەسـتێک لـەو هەسـتانەیە بەشـتێک یـان کەرەسـتەیەک کـە خـۆی ئـەو هەسـتەی نییـە، بـۆ نموونـە: شـێرکۆ بێکـەس لەدەقـی (کـۆچ)دا دەڵێـت:

سەرت بەخشی بە باران و

چوویتە ناو دەنگی خوێنەوە و

شەو سوارێک بوو، لە پاشکۆی ڕەشەبای خۆیدا

هەڵیگرتی

نەتئەزانی چۆن ئەمردی؟ (بێکەس ب١، ٢٠٠٦، ٦٠٦-٦٠٧).

لـەم شـیعرەدا شـاعیر هەسـتی بینینـی گۆڕیـوە بەهەسـتی بیسـتن، لەڕێگـەی دەربڕینـی (دەنگـی خوێـن)ەوە، چونکـە خوێـن ڕەنگـدارە نـەک دەنگـدار، ئەمـەش بووەتـە هـۆی دروسـت بـوونی هەسـگۆڕکێ لەهەسـتەکانی مرۆڤـدا و لادانـە لەواتـای بـاو. شـیعری هاوچەرخـی کـوردی لەمـەڕ بەکارهێنـانی وێنـە لەڕێگـەی خواسـتنەوە خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـەتی و چەنـدان وێنـەی نـاوازە و هونەریـی بـاڵای لـێ هاتووەتەبەرهـەم، کەدواجـار وەک سـیماو تایبەتمەنـدی شـیعری هاوچـەر ئەژماردەکرێـت.

٣/٢ دیاریکردن

یەکێکـی تـر لـەو ڕێگایانـەی لادانی واتایـی بەرهـەم دەهێنێـت دیاریکرنـە، کـە بریتییـە لـە ((خسـتنەپاڵی ئاوەڵناوێـك بـۆ ڕەگەزێـك، کـە ئـەم ئاوەڵنـاوە خاسـیەتی جیاکـەرەوەی ڕەگـەزەکانی ناوەکـەی هەیە))(قـادر، ٢٠١٤، ١٣٦)، ئەمـەش لەزۆرتریـن بـاردا لەڕێگـەی دیاریکـردنی بـەش لەگشـتەوە دروسـت دەبێـت، واتـە کاتێـک ئاوەڵناوەکـە دەچێتەسـەر ناوەکـە، جیـای دەکاتـەوە لەگشـتێتی، بۆنموونـە کەدەڵێیـن (کۆتـری سـپی نیشـانەی ئاشـتییە)، ئـەوە مەبەسـتمان لەکۆتـری ڕەش یـان سـوور یـان هـەر ڕەنگێکـی تـر نییـە، لـەو

بارەشدا کۆتری سپی دەبێتە بەش لەناو هەموو جۆرەکانی تری کۆتردا، بەڵام ئەگەر هاتوو بڵێین (زستانێکی ساردە، هاوینێکی گەرمە)، ئەوا دیاریکردن بەئاوەڵناوی سارد بۆ زستان یاخود گەرم بۆ هاوین، دیاریکردنێکی لاوازە بەو پێیەی کەوترا زستان یان هاوین ئەوە بۆ خۆی سەرما و گەرما بەبیری هەریەکەماندا دێت، لەم کاتەشدا (سارد، گەرم) بۆ خۆیان زیادە(حشو)ن، (جان کۆهین) ئەم کردەیەی لەڕێگەی چەند هاوکێشەیەکەوە خستووەتەڕوو و بەلایەوە ئەوکاتە لادان دروست دەبێت کە لە لەیەکدانی ئەو ناو و ئاوەڵناوەوە شتێکی نوێمان دەست بکەوێت وەک ئەم هاو کێشەیە:

أ x ب = ج ، ج > أ

بەپێی ئەو هاوکێشەیە ئەگەر (أ) ناوەکە بێت و (ب) هاوەڵناوەکە بێت کەئەرکی دیاریکردنی ناوەکەی هەیە، دەبێت یەکسان بن بە (ج)، کە (ج) بچووکترە لە (أ)، واتە وێنەکە کە لەڕێگەی ئاوەڵناوەکەوە بەرهەم هاتووە، دەبێتە بەشێک لەناوەکە کە گشتە، لەم ڕێگەیەشەوە دوو یاسای دیکە بەرهەم دەهێنرێت، کە:

أ x ب = ٠ ئەوەش حاڵەتی نەگونجانە.

أ x ب = أ ئەوەش حاڵەتی زیادەیە(حشو).

بەلایەوە بۆ ئەوەی هاوەڵناو ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت دەبێت:

بەسەر بەشێکی ناوەکەدا جێبەجێ ببێت.

بەسەر هیچ لەبەشەکانی تری ناوەکەدا جێبەجێ نەبێت.

لەم دوو حاڵەتەدا بەناوازە وەسفی کردووە و لادان لەم ڕێگەیەوە دروست دەبێت، ئەو حاڵەتەش کە کە ئاوەڵناوە دیاریکەرەکە بەسەر هەموو بەشەکانی ناوەکەدا جێبەجێ دەبێت، بەلایەوە زیادەیە و تەنها بۆ پڕکردنەوە بەکارهاتووە، بەلادانێکی بێهێز ناوێری کردووە(کوهن، ١٩٨٦، ١٣٤-١٣٦). لەڕوانگەی ئەو هاوکێشانەوە دەتوانین بڵێین لادان بەدیاریکردن لەڕێگەی هاوەڵناوەوە بەدوو شێوە دروست دەبێت، یەکەم: ئەو کاتەی ناوبردنی بەشێک لەگشت کە مەبەست لە گشتەکە نییە، دووەم ئەوکاتەی هاوەڵناوی دەستنیشانکەر لەگەڵ ناوەکەدا پێکەوە نایەن، بەلای ئێمەوە جۆری دووەم: لەڕووی دروست بوونی لادانەکەیەوە هێزی زیاتری شیعرییەت بوون بەدەق دەبەخشێت لەچاو حاڵەتی یەکەم بەو پێیەی دەربڕینی تازەی هێناوەتە ناو دەقەوە، چونکە حاڵەتی یەکەم تاڕادەیەک لای وەرگر جۆرە ئاشنایەتییەکی هەر هەیە. بەڕەچاوکردنی ئەو هاوکێشانە چەند نموونەیە لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخ شیکار دەکەین.

سێ جۆر لەدیاریکردن بەپێی بەهێزی و لاوازی لادان لەبەکارهێنانی ئاوەڵناودا بەدی دەکرێت، بەپێی ئەم هاوکێشەیە، ئەگەر (أ)ناو بێت و (ب)ئاوەڵناوەکە بێت، بەم جۆرە:

أ x ب = أ : لەم جۆرەدا دیاریکردنەکە لادانێکی سادە و لاوازە، ئاوەڵناوەکە زیادەیە و پێویست نییە، بۆ نموونە: شێرکۆ بێکەس لەدەقی (داستانی بەردەقارەمان)دا دەڵێت:

لەئاوێنەی تریفەدا دەشتی بازیان

پێ ئەکەنێ و دەرئەکەوێ دانی سپی(بێکەس ب٣، ٢٠٠٦، ٣٨٣).

گرێی (دانی سپی) کە پێک هاتووە لە دیارخەر(دان)+ئامرازی دانەپاڵ(ی)+دیارخراو(سپی)، تیایدا دیارخراوەکە وەسفە بۆ دیارخەرەکە، بەڵام وەسفێکی زیادەیە، چونکە ئەگەر ناوەکە (أ)بێت و هاوەڵناوەکە (ب) بێت وەک لەم هاوکێشەیەدا دەیبینین:

أ x ب = أ دان x سپی = دان

کەواتە دیارخەرەکە هیچ گۆڕانێکی لە ناوەکەدا نەکرد و هەروەک خۆی هێشتییەوە، ئەمەش بەزیادەگوتن دادەنرێت و بۆ درێژەدانە بەدەقەکە، هەندێ جاریش بۆ ڕێکخستنی کێشی شیعرەکە بەکاردەهێنرێت. فەرهاد شاکەلی لەدەقی (شۆڕەبی)دا دەڵێت:

دەنگت

شۆڕەبییەکی کەسک و پاراو بوو،

لەدارستانی ئەم پایزەمدا هەڵچوو،

بەئاسمانی شینی خەمبارا

هەڵزنا...(شاکەلی، ٢٠٠٩، ١٠٠).

لەم نموونەیەدا هەردوو گرێی (شۆڕەبی کەسک، ئاسمانی شین)، بەهەمان هاوکێشەی سەرەوە هاوەڵناوەکانی

زیـادەن، چونکـە لەهـزری هەمووانـدا شـۆڕەبی هـەر سـەوزە و ئاسـمان هـەر شـینە، بۆیـە گـەر شـاعیر هاوەڵناوەکانـی لـەدوای ناوەکانـەوە دانەنایـە، شـیعرەکە هـەر هەمـان واتـای دەبەخـشی.

أ x ب = ج ، لەکاتێکدا ج > أ: لـەم جـۆرەدا دیاریکردنەکـە لەڕێگـەی لەبەشـەوە بـۆ گشـت دروسـت دەبێـت، واتـە ئاوەڵناوەکـە دەبێتـە هـۆی دیاریکـردنی بەشـێک لەبـەش یـان جـۆرەکانی ناوەکـە، بـۆ نمونـە: لەتیـف هەڵمـەت لەدەقـی (لانـەی هۆنـراوە)دا دەڵێـت:

وشەم بەخۆزگەی خۆی باڵی باوێ

هەڵفڕی ماچ کا قژی درێژی هەموو هەتاوێ

لەدارستانی خەونی بەتامی کچێ بزۆزدا

پووشی هێلانەی تازە دابنێ(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥٠١-٥٠٢).

لـەم شـیعرەدا هەنـدێ گـرێ بەپێـی یاسـای زمانیـی (دیارخەر+ئامـرازی دانەپاڵ+دیارخـراو)، کـە لە(ناو+ئامراز+ئاوەڵنـاو) پێـک هاتـوون، دەرکەوتـوون وەک: (قـژی درێـژ، کچـی بـزۆز، هێلانـەی تـازە)، هەریـەک لـەو گرێیانـە ئاوەڵناوێکـی دیارکـردنی لەگەڵـدا هەیـە، کەجـۆری ناوەکـە لەجـۆرەکانی تـری جیـا دەکاتـەوە، لەبەرانبـەر هەریـەک لـەو جۆرانـەدا کـە ئاوەڵناوەکـە دیاریکـردووە، جۆرێـک یـان زیاتـری ناوەکـە هەیـە، بـۆ نموونـە: لەبەرانبـەر قـژی درێـژدا کـورت و مامناوەندیـش هەیـە، کەواتـە قـژی درێـژ لەبەشـەوە بـۆ گشـت چـووە، بـەم پێیـەش ئاوەڵناوەکـە دەوری دیاریکـردنی بینیـوە. ئەنـوەر قـادر لەدەقـی (چەنـد هۆنراوەیـەک بـۆ دایکـم)دا دەڵێـت:

نەهاتەوە؟! کوڕی دوورم نەهاتەوە!

ئەڵێـن تاریکـی دەورتـەدا و بـەر پەنجەرەکـەت بەرنادەیت!(محەمـەد، ٢٠١٨، ١١٥).

لـەم شیعرەشـدا گرێـی (کـوڕی دوور) کـە لەناوێـک و ئامرازەکـە و هاوەڵناوێـک پێـک هاتـووە، هاوەڵناوەکـە دەوری دیاریکـردنی جۆرێـک لەجـۆرەکانی ناوەکـەی بینیـوە، ئەمـەش بەهەمـان شـێوەی نموونـەکانی سـەرەوە:

أ x ب = ج ، لەکاتێکدا ج > أ

واتـە لەبەشـەوە بـۆ گشـت چـووە، لادان لـەم جۆرەشـدا پلـەی بـاڵا بەدەسـت ناهێنێـت، چونکـە هاوەڵناوەکـە ئەرکـی خـۆی بەجـێ دەهێنێـت.

أ x ب = د: لـەم جـۆرەدا دیاریکردنەکـە لادانێکـی هونەرییـە و وێنەیەکـی نوێیـە، پێشـتر ئـەو وێنەیـە نەوتـراوە و نەبیسـتراوە، بـۆ نموونـە: قوبـادی جـەلی زادە لـە شـیعری (وریابـن)دا دەڵێـت:

تەرزەیەکی ڕەش دەبارێ

گوڵ دەکوتێ

گوڵی سپی

گوڵی زەرد

گوڵی سوور

گوڵی....

تەرزەیەکی ڕەش دەبارێ. (جەلی زادە، ١٩٩٠، ١٥)

لـەم نموونەیـەدا گرێـی (تەرزەیەکـی ڕەش)، گرێکەیـە و هاوەڵناوەکـەی (ڕەش) لەگـەڵ ناوەکـەی (تـەرزە)دا پێوەنـدی واتاییـان لەنێوانـدا نییـە، هەروەهـا تەرزەیەکـی ڕەش جۆرێـک نییـە لەجـۆر و ڕەگـەزەکانی تـەرزە، واتـە بەلەیەکـدانی ناوەکـە و هاوەڵناوەکـە، دەربڕینێکـی تـازە هاتووەتـە ئاراوە و ئەرکێکـی واتایـی تـر جیـاواز لەواتـای ناوەکـە و هاوەڵناوەکـە دەبینـن، وەک لـەم هاوکێشـەدا دەردەکەوێـت، ئەگـەر (أ)ناوەکـە بێـت و (ب) هاوەڵناوەکـە بێـت:

أ x ب = د

تـەرزە x ڕەش = تـەرزەی ڕەش، تـەرزەی ڕەش یەکسـان نییـە بەتـەرزە.

کەواتـە پێکهاتـەی ئـەم گرێیـە بووەتـە هـۆی دروسـت بـوونی حاڵەتێکـی نالۆژیکیـی و دروسـت بـوونی زمانێکـی نوێـی شـیعری، کەشـیعرییەت بەرپـادەکات، بەمـەش لادانـە لەسیسـتەمی واتـا.

یان شێرکۆ بێکەس لە دەقی (شایی شەهید)دا دەڵێت:

مەپرسن چۆن

کە دڵ ئەبێ بەسوێسکە و سلێمانی بەهێلانەی

ئیتر شیعریش ئاسمانێکە و پۆل پۆل وشەی

سەوز و سووری تێدا ئەفڕێ! (بێکەس ب٢، ٢٠٠٦، ٤٠٧).

لـەم شیعرەشـدا شـاعیر گرێـی (وشـەی سـەوز و سـوور) ی بەکارهێنـاوە، کـە وشـە هەڵگـری ئـەو تایبەتمەندییانـە نییـە، هەروەهـا وشـەی سـەوز یـان سـوور جۆرێـک نیـن لەجـۆرەکانی

وشە، بەمەش دەربڕینێکی تر لەڕێگەی هاوەڵناوەکانەوە هاتووەتە ئاراوە، کە ئەرکی دیاریکردنەکەی نالۆژیکییە و بووەتە هۆی دروست بوونی لادانی واتایی و بەرزکردنەوەی زمانی شیعر.

٤/٢ دانەپاڵ

زۆرجار بەهەڵسپاردنیش ناو دەبرێت و بریتییە لەبەکارهێنان و دانەپاڵی سیفەتێک یان تایبەتمەندییەک بەناوێک یان شتێک، کە ئەو سیفەتە یان تایبەتمەندییەکە لەگەڵ ناوەکەدا نەگونجاوبێت، (ئاستی مۆرفۆلۆجی هەر زمانێک (ناو+ئاوەڵناو+کردار)ە، واتە لەکاتی بەکارهێنانی وشەکاندا لەناو پێکهاتەی ڕستەدا بەپێی دوور و نزیکی ڕیزبەندی واتاکانیان لە یەکترەوە دادەنرێن، ئەگەر وابوو کە گونجان دروست ببێت ئەوە حاڵەتێکی لۆجیکی لەزماندا پەیدا بووە و بەئاسانی لەڕستە و دەربڕاوەکە تێدەگەین، بەڵام ئەمە لە شیعردا بەو جۆرە نییە و ڕەچاوی گونجاندن ناکرێت بەوەش مانایەکی نالۆژیکی بەرهەم دێت کەلادانە لەسیستەمی واتای زمان(حەمەساڵح، ٢٠١٥، ٤٢)، لەڕوانگەی ئەو نەگونجانە لۆژیکییەوە دەوترێت :((دانەپاڵ لادانێکی واتاییە و دەرئەنجامی ئەم جۆرە گۆڕینانەیە، بەخشینی سیفەتێکە بۆ شتێک، دیاردەیەک، ناوێک بەجۆرێک ئەو شتە هەڵگری (- ئەو سیفەتەیە)، هەندێک جار لادانەکە لەئەنجامی دەستکاری یاسا سینتاکسییەکان دروست دەبێت، هەندێک جاریش بەدانان و خستنەپاڵی وشەیەک لە چوارچێوەی سینتاکسەوە دەبێت، بەڵام لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت، ئەم جۆرە دانەپاڵە بونیاتی زمانی دەق قووڵ دەکاتەوە و جۆرێک لەداهێنان و ناوازەیی بە پێکهاتەکە دەبەخشێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٥٦).

ئەم دیاردەیە بەلای (جان کۆهین)ەوە بەخستنەڕووی لادان و ڕەتکردنەوەی لادان باسکراوە(قادر، ٢٠١٤، ١٣٣)، لەکاتێکدا کە دانەپاڵەکە دەخرێتەڕوو لەسەرەتادا لادانە و پێوەرەکانی زمانی لەڕوانگەی واتاییەوە تێکداوە، کردەیەکی نادروستە، بەڵام پاش لێ وردبوونەوە و ڕاڤەکردنی لەزەینی وەرگردا بەرەو شیعرییەت هەنگاو دەنێت و لەوێشەوە لادانەکەی خاودەێتەوە، بۆ ئەمەش ((زەمینەی مەعریفی بەشێوەیەکی چالاك بەشداری دەکات و پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق ڕێکدەخات، لەپاشاندا هەست بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردن دەکەین))(قادر، ٢٠١٤، ١٣٣)، چونکە ئەو دالەی لادانەکەی لەسەر بنیاتنراوە لەڕێگەی مەدلوولەکانی لەهزری وەرگردا، شیدەبێتەوە، ئەوەش وادەکات هەست بەشیعرییەتی دەربڕینەکە بکرێت و لایەنە هونەرییەکەی ئەو نەگونجان بەرز بنرخێنرێت.

زۆربەی ئەو لادانانەی لەدانەپاڵدا دروست دەبن لەڕوانگەی زمانەوە بەفرێزی ناویی، ناودەبرێن و لەدیارخەر و دیارخراوێک پێک دێت، ئیتر دیارخەرەکە یان دیارخراوەکە هۆکاری دروستبوونی لادانەکەن، هەروەها زۆرجاریش لەڕوانگەی زانستی ڕەوانبێژییەوە ئەو وشەیە خوازە دروست دەکات، چونکە وشەی دانەپاڵەکە خواستراوە بۆ ئەو شوێنە و لەبری واتا بنەڕەتییەکە بەکارنەهاتووە، لەباسی خواستندا باسمان لەهەریەکە لە بەکەسکردن و بەڕووەککردن و...هتد کرد کە لەگەڵ دیاردەی دانەپاڵدا هاوبەشن، بۆ ئەوەی باسەکەمان دووبارە نەبێتەوە، لەم باسەدا نموونەکان تەنها لەڕەنگپێدانەدا چڕ دەکەینەوە، کە مەبەست لە پێدانی سیفەتی ڕەنگە بەو کەرەستانەی خۆیان ڕەنگیان نییە، یان ڕەنگەکەیان گۆڕاوە، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لە شیعری هاوچەرخدا. لەتیف هەڵمەت لە شیعری (چوار هەڵبەست)دا دەڵێت:

بەڵام بێ دەم کردنەوە دێن و دەڕۆن
بەڵام بێ هەنگاونان
گۆشی چنگیان پڕە لەزێڕی سەوز(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٥).

هاوەڵناوی (سەوز) لە گرێی (زێڕی سەوز)دا، لادانی دانەپاڵە، دانەپاڵی ڕەنگە بەشتێک کە خۆی ڕەنگێکی تری هەیە، واتە ناوەکە خۆی هەڵگری ڕەنگە، ڕەنگەکەی خۆی (زەردباو)ە، شاعیر هاتووە ئەم ڕەنگەی گۆڕیوە بەڕەنگێکی تر، ئەوەش بەو مەبەستەی سەرنجی خوێنەر بۆخۆی ڕاکێشێت، چونکە لەهزری هەموواندا ڕەنگی زێڕ دیاریکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی لادان لەوێنەکەدا. یان ئەنوەر قادر لە شیعری (خەنجەر و خۆشەویستی)دا دەڵێت:

لەدوورەوە تۆ هاتووی

سەرکاروانی زریانی و ئەسپی سپیت تاودەدەی!

درِن بەتەمی ئاڵی دەشتی سووتاومان دەدەی

هۆرەیەکی سوور دەکەی

دڵی شار دەخرۆشێنی!(محەمەد، ٢٠١٨، ١٠٤).

شاعیر ڕەنگی (سوور) سووری داوەتە پاڵ (هۆرە)، کە هۆرە (- ڕەنگ)ە، بەوەش لادانە واتاییەکە بەرهەم هاتووە، هۆرە هونەرێکی دەنگییە، شاعیر بۆئەوەی شیعرییەت بخولقێنێ هاوەڵناوە گونجاوەکانی وەک: (بەرز، بەسۆز، خۆش...هتد) کەلەگەڵ هونەرەکەدا گونجاون، گۆڕیویەتی بە ڕەنگ، ئەوش بووەتە هۆی دروست بوونی لادانی واتایی. هەروەها شێرکۆ بێکەس لە شیعری (سەفەری ئەوین و شۆڕش)دا دەڵێت:

تۆ شیعرم و شیعریش تۆ بووی

هەردووکتانم بەجێهێشت و پێم نەوتن بۆ کوێ ئەچم!

تۆم لەناو خەوی پەمەیی ئەو ڕۆژەتا

بەجێ هێشت و

شیعریش لەناو تاقی برینێکی شارا. (بێکەس ب١، ٢٠٠٦، ٤٣٦).

گرێی (خەوی پەمەیی) لادانی دانەپاڵەکەی هێناوەتە بوون، کە (خەو) کەرەستەیەکی واتاییە و (- ڕەنگ)ە، شاعیر بەپێدانی ڕەنگی (پەمەیی) بەم گکەرەستە واتاییە لادانی لەئاستی واتادا دروست کردووە، بەو هۆکارەش لە ڕێگەی شیعرییەتەوە، زمانی تایبەتی شیعریی دروست کردووە، کە لادانە لەزمانی ئاسایی لەڕووی واتاوە.


٥/٢ گەیاندن

لادان بەگەیاندن بریتییە لە پێکەوە کۆکردنەوەی دوو ڕستە یان دوو توخم یان دوو بیر، کە لەڕووی واتاوە لەیەک دووربن و لەبنیاتی وێنەیەکی شیعریدا پێکەوە بێن، ئەم بابەتە لەڕەوانبێژی کۆندا بەناوی کۆکردنەوە و دابڕان یان پێکەوەنان و دابڕین باسی لێکراوە، فارسەکان پێناسەی ڕەوانبێژییان لەڕوانگەی ئەم هونەرەوە کردووە کە دەڵێن: ((ڕەوانبێژی لێک جیا کردنەوەی (الفصل) و (الوصل)ە)) (گەردی، ١٩٧٢، ١٤)، لەڕەوانبێژیدا هونەرێکی واتاناسییە و ((لەوە دەدوێ ئایا کەی دوو وشە یا دوو ڕستە بەیەکەوە دەلکێن و کەی لەیەک دادەبڕێن))(گەردی، ١٩٧٩، ٨٢)، لە ڕەخنەی تازەشدا بەمەبەستی کردەیەک کە خزمەت بەلادان و شیعرییەتی دەق دەکات لەلای (جان کۆهین) زۆر بەگرنگییەوە باسکراوە، بەلایەوە ئەگەر هەردوو ئەرکەکەی پێشوو(دیارکردن و دانەپاڵ) سەرنجمانی لەناو پێکهاتەی ناوەوەی ڕستەدا هێشتبێتەوە، ئەوا بەپێچەوانەوە گەیاندن سەرنجمان دەخاتەسەر بەدوای یەکدا هاتنی ڕستەکان و پێوەندی ڕستەکان پێکەوە(کوهن، ١٩٨٦، ١٥٧).


لەدەرەوەی دەقی شیعری و لەناو زمانی ئاساییدا گەیاندن بەچەند جۆرێک دروست دەبێت بەیاریدەی ئامرازی لێکدەر و پێوەندی وەک: (و، هەروەها، لەگەڵ... هتد)، یان ئاوەڵگوزارەی وەک (لەڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا، هەرچەندە...هتد)، هەندێ جاریش بەبێ هیچ کام لەوانە و تەنها بەخستنەپاڵی یەکتر، یان بەدانانی نیشانەکانی خاڵبەندی... بەستنەوەکەشیان دەبێت لەڕوانگەی لۆژیکییەوە دروست بن و هەردوو ڕستەکە دەبێ هەمان ئەرکی واتاییان لەزماندا هەبێت(حوسێن، ٢٠٠٧، ٣٣٢)، هەر لادانێک لەو پێوەرەی زمان دەق بەرەو شیعرییەت دەبات و دیاردەی لادانی تێدا دروست دەکات.

بەلای (بالی)یەوە گەیاندن کاتێک دروست دەبێت کە(دوو ڕستە دوو گەیاندن دروست بکەن و ڕستەی دووەمیان هەمان بابەتی ڕستەی یەکەم بێت)(کوهن، ١٩٨٦، ١٦٠)، لەڕوانگەی ئەو بۆچوونانەوە حاڵەتی لادان لەگەیاندندا بەم هاوکێشەیە دەخەینەڕوو، ئەگەر (أ)ڕستەی یەکەم بێت و (ب)ڕستەی دووەم، بەیەکێک لەکردارەکانی گەیاندن بدرێنە پاڵ یەکتر، ئەوا دوو جۆر لەگەیاندنی لێ دێتە بەرهەم.

داربەڕوویەکی گەش لەو بنارە ڕواوە ... هەرگیز وشک نابێتەوە.




داربەڕوویەک لەو بنارە ڕواوە و پێنج شەمان ڕۆژی بەختی منە.



لەنموونەی ژمارە (١)دا ڕستەی (أ) دەربڕینێکە وەسفی ناوەکەی کردووە کە(داربەڕوو)ە، ئامرازی گەیاندنەکە سێ خاڵە و نیشانەیەکی خاڵبەندییە کە ڕستەی (ب)ی گەیاندووە بەڕستەی (أ) و وەک تەواکەر بووە بەپاڵپشت بۆی لەڕووی واتاوە هیچ گرفتێک لەواتاگشتییەکەیدا نەلەسەر ئاستی ڕستەسازی و نەلەسەر ئاستی واتاسازی بۆ دروست نەبووە، بەوەش گەیاندنێکی دروستی زمانی هاتۆتە کایە، هەرچی نموونەی ژمارە (٢)ە، ڕستەی (أ، ب) هەریەک بەجیا لەڕووی سینتاکسیی و سیمانتیکییەوە ڕستەیەکی تەواون و هیچ گرفتێکیان نییە، بەڵام لەکاکاتێکدا بەهۆی ئامرازێکی لێکدەرەوە گەیەنراون بەیەک تووشی سەرسوڕمانمان دەکات، چونکە پێوەندی نێوان (أ) و (ب)، پێوەندییەکی نالۆژیکییە و تووشی دابڕانی واتاییمان دەکات، لێرەدا لادان لەسیستەمی واتاسازی زمان دێتەکایەوە و شیعر بەرهەم دەهێنرێت، وەک پاڵپشتییەک لەم بونیاتە (جان کۆهین) دەڵێت:(شیعر کردارێکە دوو سەرەیە پێکەوە بەردەوامی هەیە، لادان و ڕەتکردنەوەی لادان، شکاندنی بونیات و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەکەی، بۆ ئەوەی چامەی شیعری خۆی بسەپێنێت پێویستە دەلالەتەکانی لەسەرەتاوە ون ببن، پاشان لەلایەن خوێنەرەوە لەبیری خۆیدا دەیدۆزێتەوە)(کوهن، ١٩٨٦، ١٧٣). ئێمەش لەڕوانگەی ئەو بۆچوونەی کۆهینەوە شیکاری بۆئەم دیاردەیەی لادان لەچەند نموونە شیعرێکی هاوچەرخی کوردیدا دەکەین:

شێرکۆ بێکەس لەدەقی (لەیەکەم سەفەردا) دەڵێت:

که دەس ئەدەم
له مۆردی پەرژینی باخێ
دەسم بۆنی ڕیشی ئەگرێ.
که شەپۆلی سەرهەڵگرتوو،
پەڕەی گوڵی هەڵپچوڕکاو،
دووکەڵی هەر دووکەڵ کێشێ،
که منداڵانی هەژاری
وەک کارژۆڵەی پەرەوازە
خەوتوو لەبن سێبەری پرد
چەتری پاسدا
بەدی ئەکەم
من بۆن ئەکەم
بۆنی بۆکڕووزی شیعری
ئاوارە بووی نالی ئەکەم!(بێکەس ب٢، ٢٠٠٦، ٣٥).

شاعیر کۆمەڵێک بیری لەڕێگەی چەند ڕستەیکی شیعرییەوە لەناو دەقێکدا بەیەک گەیاندووە، کە لەڕوانگەی بیرەوە لەیەک دابڕاون، کاتێک تەماشای ئەم دەربڕینانە دەکەین (کە شەپۆلی سەرهەڵگرتوو، پەڕەی گوڵی هەڵپچوڕکاو، دووکەڵی هەر دووکەڵ کێشێ)، دەبینین لەڕێگەی نیشانەیەکی خاڵبەندییەوە پێکەوە گرێ دراون و گەیەنراون بەیەک، لەهەمانکاتیشدا بیرۆکەی دابڕاون لە یەکتر، هەریەکەیان وێنەیەکی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە، بەڵام دواجار شاعیر لەڕێگەی کرداری (بەدی ئەکەم) وێنەکان کۆ ئەکاتەوە و لەگەڵ گوتاری گشتی دەقەکەدا یەکیان دەخات، مەرجیش نییە هەمیشە ئەم گەیاندنە بەو شێوەیە دروست ببێت، بەڵکو جار هەیە پێویستی بە خوێنەرە لە هزر و زەینی خۆیدا گەیاندنەکە ئەنجام بدات، ئەوەش بەچەندان جار خوێندنەوەی دەقەکە و کۆکردنەوەی تەواوی بابەتەکانی دەقەکە و گشتێتی گوتارەکەی پێی دەگات، بۆ نموونە: سەباح ڕەنجدەر لەدەقی (زێوان)دا دەڵێت:

ئەوە برژانگی پەرژینی چاوی منە
سووتان
خورپە
بۆن
گەردەلوول
ئادەم
خەون
گوڵ
لەدیوی ئەمدیو گوندی گەنجینەی منداڵیم
گوێم لە دابەزینی سرووشی پێغەمبەرێکە
یەکەمین خەونی مرۆڤی بینیوە.(ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ٣٠).

لەم دەقەدا شاعیر وێنە و مەبەستەکانی بەشێوەیەکی نالۆژیکی و نارێک پێکەوە کۆکردووەتەوە و بەیەکی گەیاندوون، بەبێ هەبوونی هیچ ئامرازێکی گەیەنەر، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی لادانی واتایی و تێگەیشتن لێی

ئـەو کاتـە دەبێـت، کـە لادانەکـە ڕەتدەکرێتـەوە. یـان لەتیـف هەڵمـەت لەدەقـی (لقـی شـەو هەتـاو ئەگـرێ)دا دەڵێـت:

چۆکی قووڵاییەکان لە لەرزینایە

چاوی شەو وەک کۆڵەکەی خوێن

ئەچەقێ بەزامەکانا

ئەم کونانە

سەرچاوەی ئەو هێلکانەن

کەشەقامەکانیان لەوتانووە

گیانە دوێنێ ئەو کفنەم دڕی

کەمیوانەکەمان منی تیا شاردبووەوە

دایە بەمناڵەکان بڵێ

گوڵۆپـی کۆڵانـەکان نەشـکێنن نـەوەک تاریکـی ببێتـە لانـەی

ئەو کرمانەی ئەیانەوێ

گەڵای ئاگرەکەمان هەڵوەرێنن(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٨).

ئـەم دەقـەش کۆمەڵـێ وێنـە و مەبەسـتی لەیـەک دابـڕاون، شـاعیر بەیەکـی گەیانـدوون، بـۆ ئـەوەی وێنەیەکـی گشـتی و مەبەسـتی دەقەکـەی پـێ بەئەنجـام بگەیەنـێ، لەدیـاردەی گەیاندنـدا گـەر ئامـرازەکان بوونیـان هەبـێ، ئـەوا لەزۆرتریـن بـاردا ڕسـتە و دەربڕینـی دوای ئامـرازەکان لـەڕووی واتـاوە گەیاندنەکەیـان دروسـتە و بیـرە ناکۆکـەکان دەبنـە یەکێتـی بابـەت بـۆ دەقەکـە، بـەڵام لەدەقێکـی لـەم شـێوەدا، کـە ئامـرازی گەیانـدن دیـار نییـە بـۆ کۆکردنـەوەی بیـر و وێنـەکان خوێنەرێکـی وردی پێویسـتە و توانـای خوێنـەر لەگەیاندنەکـەدا ڕۆڵـی لەپێـدانی واتـای گشـتی دەقەکـە و گوتارەکەیـدا هەیـە، ئەمـەش بـۆ خـۆی لادانی واتاییـە و کـە گەیاندنەکـە ڕوونی نەکردووەتـەوە.

ئەنجام:

لادان بەتـەواوی چەشـن و لقەکانییـەوە، دەتوانرێـت ببێتـە بنەمایەکـی گرنـگ بـۆ دیاریکـردنی شـێواز و دەرخـەری سـیمای جیـاوازی قۆناغـە ئەدەبییـەکان لـە یەکـتر.

ڕەگـی ئـەم بنەمـا ڕەخنەییـە نوێیـە(لادان)، لـە ڕەخنـەی کۆنـدا و بەتایبـەت لەنێـو زانسـتی ڕەوانبێژیـدا دەرکەوتـەی هەبـووە و جێـی بایەخـی ڕەخنەگـران بـووە، هـەر لـەو ڕوانگەیەشـەوە هەڵسـەنگاندن و نرخانـدن بـۆ زمـانی شـیعری شـاعیران و قۆناغـە ئەدەبییـەکان خراوەتـە بەردەسـت.

شـاعیرانی هاوچـەرخ بەمەبەسـتی درووسـتکردنی وێنـەی شـیعری پەنایـان بـۆ زۆر ڕێگـەی وەک: (بەکەسـکردن، بەتەنکـردن، بەئاژەڵکـردن، بەڕووەککـردن، بەئەبسـتراکتکردن، هەسـتگۆڕکێ)ی کەرەسـتەکان، لەڕێگـەی وێنـەی خواسـتن و چواندنـەوە بـردووە، کەهـۆکاری دروسـتکردنی لادانـە واتاییەکانـن.

لەڕێگـەی ئـەو یاسـا تایبەتـەی، کـە (جـان کۆهیـن) بـۆ دیاریکـردنی دانـاوە، دەتوانرێـت لەیـەک کاتـدا لادانی واتایـی، کـە داهێنەرانـە و هونـەری بێـت، لەگـەڵ پێچەوانەکەیـدا، بخرێتـەڕوو، ئەمـەش بەهـەردوو شـێوازەکەیەوە لـە شـیعری شـاعیرانی هاوچەرخمانـدا و لەنێـو تاقیکردنـەوە شـیعرییەکانیاندا بەردەسـتە.

لادانی واتایـی لەڕێگـەی بنەمـاکانی دانەپـاڵ و گەیاندنـەوە، دیاردەیەکـی شـێوازیی ڕوون ئاشـکرای قۆناغـی ئەدەبیـات و شـیعری هاوچەرخـی کوردیـن، لـەو ڕێگەیەشـەوە بەشـێکی فـرەوانی شـیعرییەتی قۆناغـە ئەدەبییەکـە هاتوونەتـە نـاوەوە و شـاعیران لەدەقەکانیانـدا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەکاریـان هێنـاون.

لیستی سەرچاوەکان:

کوردی:
ئەحمەد، صافیە محەمەد، ٢٠١٣، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ئەرستۆ، ٢٠١١، هونەری شیعر، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان.
................، ٢٠٠٦، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان.
................، ٢٠٠٦، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان.
حەمەساڵەح، دلاوەر ئیبراهیم، ٢٠١٥، شیعرییەت لەدەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
حەوێزی، دەریا جەمال، ٢٠٠٩، وێنەی ڕوونبێژی لەکۆمەڵەشیعری(شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادە دا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
حوسێن، هیمدادی، ٢٠٠٧، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
جەلی زادە، قوبادی، ١٩٩٠، تەمتومان، مطبعة اسعد، بغداد.
ڕەنجدەر، سەباح، ٢٠١٨، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٤، دیوانی ڕەفیق سابیر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
سەعید، ناز ئەحمەد، ٢٠١٠، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
شاکەلی، فەرهاد، ٢٠٠٩، بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
عیسی، هاوژین سلیوە، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
قادر، شێرزاد عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، لادان لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
کۆهین، جان، ٢٠٠٨، بنیاتی زمانی شیعری، وەرگێڕانی ئازاد عبدالواحد کریم، چاپخانەی ئارابخا، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوک، کەرکوک.
گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا(ڕونبێژی-البیان)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.
گەردی، عەزیز، ١٩٧٩، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا(واتاناسی)، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.
مەحمود، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠٩، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
محەمەد، ئەنوەر قادر، ٢٠١٨، زریان زایەڵە زنار نسار، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی تاران، بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
عەرەبی:
الددة، عباس رشید، ٢٠٠٩، الانزیاح فی الخطاب النقدی والبلاغی عند العرب، دارالشؤون الثقافة العامة، بغداد.
عفانە، مریم طە عارف، ٢٠١٢، الانزیاحات الاسلوبية فی شعر محمد بنیس، اطروحە دکتوراه، کلیة الاداب، جامعة الیرموک، الاردن.
کوهن، جان، ١٩٨٦، بنیة اللغة الشعرية، ترجمە: محمد الوالی و محمد العمری، دار البیضاء، المغرب.
لوصیف، صونیا، سارە کرمیش، ٢٠١١، الانزیاح الدلالی فی الالفاظ العربیة، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب واللغات، جامعة منتوری قسنطینە، جزائر.
المساعید، ریحان اسماعیل احمد، ٢٠٠٩-٢٠١٠، الانزیاح فی شعر حطیئە، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب والعلوم الانسانیة، جامعة ال ألبیت، الاردن.
المسدی، عبدالسلام، ١٩٨٢، الاسلوبیة والسلوب، دارالعربیة للکتاب، طرابلس، لیبیا.
ویس، احمد محمد، ٢٠٠٥، الانزیاح من منظور الدراسات الاسلوبیة، المؤسسە الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت-لبنان
فارسی:
کدکنی، محمد رضا شفیعی، ١٣٨٥، موسیقی شعر، چاپ نهم، انتشارات اگاه، تهران.
مطلق، یدالله بهمنی و مریم سیوندی، ١٣٩٤، نگاهی بە هنجارگریزی در شعر نیما، سال ٤، شمارە ٧، مجلە علوم ادبی، دانشکدە ادبیات و علوم انسانی، دانشگاە قم.
یخدانساز، نازیلا، ناصر علیزادە خیاط، ١٣٩٣، کاربست اشکال هنجارگریزی در اشعار احمد شاملو، شمارە اول، سال چهارم، پژوهشگاە علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران، ایران.

## ملخص

لدراسـة الموسـومة بـ(إنزيـاح المعنـى في الشـعر الكـوردي المعـاصر)، محاولـة لتحديـد موضـوع نقـدي مهـم كإنزيـاح المعنـى وهـي جـزء مـن اطروحـة دكتـورا حـول الاسـلوب الشـعري المعـاصر، نتطـرق فيهـا عـن إنزيـاح المعنـى في تلـك الفـترة، معلـوم أن تاريـخ الانزيـاح كموضـوع نقـدي يعـود إلى فـترة قريبـة، إلا أن جـذوره متأصلـة في النقـد القديـم بالأخـص في المواضيـع النقديـة ضمـن علـم البلاغـة، لـذا لم تهمـل هـذه الدراسـة تلـك العلـوم البلاغيـة التـي تـدور حـول إنشـاء الصـورة الشـعرية كـ(التشـبيه والإسـتعارة) وكذلـك إنزيـاح المعنـى في إطـار وحـدات (جـان كوهـين) التـي قدمهـا للنقـد الإدبي كأسـاس نظـري، كـ(التحديـد والإسـناد والوصـل) وتوظيفهـا عـلى النـماذج الشـعرية. الكلـمات المفتاحيـة: التحديـد، الإسـناد، الوصـل.

## Abstract

The purpose of this study, “Meaning Deviation in Modern Kurdish Poetry 1990-1970,” is to pinpoint crucial key issues such meaning deviations. This study is at the PhD level. It encompasses multiple traits associated with contemporary poetry style that have been identified in the specific stage of our research. The basis of this topic lies in old criticism, particularly the critical subjects within the framework of rhetorical discourses, despite the fact that the subject of deviation as a critical subject does not have a long history. Therefore, the rhetorical techniques of simile and metaphor—which are related to poetic images—are also covered. Also, John Cohen’s features, such as (selection, disposition, communication), have been given as a theoretical foundation for literary criticism and are applied to, with poem examples, the poetry of the era.